**BIRAYETÎ**

یەكەمین ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە

**Daily newspaper** *Kurdistan - Iraq*

*Sun,Nov.3, 2002 No: (3833)*

http://www.birayeti-xebat.net

Concessioner:
**Jawhar Namiq Salim**

Editor -in- chief:
**Ariyan Ferej**

E-mail:birayeti@birayeti-xebat.net

خاوەن ئیمتیاز:
**جەوهەر نامق سالم**

سەرنووسەر:
**ئاریان فەرەج**

## گەورەترین پێشانگای كتێب لە هەولێر

بەچاودێری وەزارەتی رۆشنبیریی كاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی سبەینێ، تا ٢٠٠٢/١١/١٠، كتێبخانەی برایەتی بە هاوكاری سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدین پێشانگایەكی بەرفرەوانی كتێب لە هۆڵی میدیا لە هەولێر دەكاتەوە كە تێیدا نزیكەی (٣) هەزار ناونیشانی كتێبی هەمەڕەنگی (كوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) لەخۆ دەگرێت و، داشكانیش لە نرخی كتێبەكاندا دەبێت.




## ئەمڕۆ فیستیڤاڵی هەژاری موكریانی لە هەولێر دەكرێتەوە

كاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، وەزارەتی رۆشنبیریی فیستیڤاڵی هەژاری موكریانی بۆ ماوەی سێ رۆژان لە هۆڵی میدیا لە هەولێر دەكاتەوە، كە تێیدا چەندین چالاكی هەمەڕەنگی رۆشنبیریی و هونەری تێیدا پێشكەش دەكرێت.




**ئیسماعیل بەرزنجی**

## بەیادی ئەو هەموو جێیە جوانە

هەر دوێنێ بوو كە لەم شارەی ئێمەدا:
* خەڵك لە شوێنی تایبەت بۆ وەستانی ناو پاس، بەكەم دروشم كە بەرچاویان دەكەوت «ساعد الجابی بأصغر نقد كافی» بوو.
* دانیشتوانی شار، بە فەرمانبەر و كاسبكارەوە، بە ئیماندار و بێ دینەوە، بە مولتەزیم و نامولتەزیمەوە، دوای عەسر روویان لە «نادی موەزەفین» دەكرد، هەركەسەو دەكەوتە ناو دنیای تایبەتی خۆیەوە.
*ئافرەت و كیژۆڵەی شار.. بۆ سەیران دەچوونە غاباتی كوران و كەندەكۆخ و گڵكەند، كەم نازەنینی كورد هەبوو خۆی لە چارشێو لوول بدات.
* عەلمۆدەو سفوور و شۆخەكان.. بەوپەڕی ئەدەبەوە روویان لە شوێنی كارەكەیان دەكرد، نە كەس تیزابی بەقاچیاندادەكرد و نەكەسیش هۆبهای لێدەكردن.
* رۆخ جادەو شۆستەكان پڕبوون لە داری مورتك و سنەوبەر و ئەسپیندار و كالیپتۆس، دایم نۆبەتدار و پاسەوانیان بە دەورەوە بوو.
*مەكتەبەی عامە بیست و چوار سەعات تژی بوو لە پیاوی خوێندەوار، وەك ئێستا نەبوبوو بە شوێنی نوێكردنەوەی بیتاقەی تەموین و سەعیكردنی قوتابیان.
* دەرزیت بزركردبا لە قاوەخانەی عەبۆ و چایخانەی حاجی مستیل و مەچكۆدا... دەتدۆزیەوە.
* چل و قسور ساڵ لەمەوبەر، ئەم شارە ٣ سینەمایی تێدابوو، شەوانە خێزانەكان لە لۆچ دادەنیشتن.
بەڵێ، هەر دوێنێ بوو ئەم مەفتەنە لێواو لێو بوو لە شوێن و سیمای شارستانی، دەشزانم ئەمڕۆ پڕە لە باڵەخانەو ئۆتۆمۆبیل و گەراج و دوكان، بەڵام زۆربەیان لە نەخشەو ئاكاری شارستانی بەدوورن.
تۆ هەر دیقەت لە دەروازەی قەڵابدە، كاتی خۆی بۆ شێواندنی كەلەپوری رەسەنی ئەو شارە حكومەت دەروازەیەكی دوور لە ئاكار و رەسەنایەتی بۆ دروستكرد، ئێمەش لەجیاتی ئەوەی كۆنە قەڵاتیەك بێنین و پرس و رای ئەوەی پێبكەین كە چۆن سەر لە نوێ دەروازەی قەڵا دابڕێژینەوە.. كەچی پەیكەری كەسێكمان لەبەردەمیدا قیت كردەوە كە چارەگی حوزنی و زوبێر بیلال بەم شارەوە ماندوو نەبووە.
كاتی ئەوە هاتووە سیمای رەسەن و ئاكارە جوانەكان بۆ ئەم شارە بگەڕێنەوە، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا كە زیاتر رووەو قەرەباڵغی دەچێت و پایتەختی ئەم هەرێمە ئازادكراوەیە.
جا سڵاو لەو زاتەی كە شەست ساڵ لەمەوبەر لەم شارە كیژەكەی ناو ناوە «ناسكە» و مەرحەباش لەو كەسەبێت كە دوای بەحرێك خوێندن و هەزاران شەهید و پاش پەرلەمان و حكومەت هەوڵدەدات ناوی كوردی ئەولادەكانی بگۆڕێت!.
لەیادی ئەو هەموو جێیە جوانە، بریندارم..
بریندار.

# فیلمێ سینەمایی (بەر بەیانیەكی زوو)د چ قوناغدایە؟

**ن.دهوك/ئیسماعیل:**

بەری دەمەكی كاسێتا هونەری یا فلمێ (بەر بەیانیەكی زوو) ب رێبەرییا هونەرمەندێ سینەمایێ كورد (ئەنوەر سندی) هاتبوونە كوردستانێ و فلمێ خو وێنە دكر. لێ ئەڤە چەندە چ پێزانین نەبووینە لدۆر كارێ د فلمیدا دهێتە كرن و هەمی كاسێتا وی لدەرڤەیە. ژ بەرهندێ مەچاڤ ب هونەرمەند عادل عەبدولرەحمان كەفت كو هاریكارێ وێنەگرێ فلمی بوویەو پشتی وی ژی دەستوبریی ژ دەرهێنەرو سیناریستێ فلمی وەرگرتی بۆمە ئاخڤت.



هونەرمەند عادل عەبدولرەحمان ئێكە ژهونەرمەندێن سەركەفتی، دەست ب زارڤەكرنێ كریە و هەتا سالا (١٩٩٦)ێ بەردەوام بوویە، نێزیكی (٦٠-٧٠) كارێن تەلەڤزیونی پشكداری تێدا كرییە ژ فلما و زنجیرێن درامایێ و زارڤەكرن، هەتا (١٥) شانۆگەریان ژی تێدا پشكداربوویە.

پشتی دامەزراندنا سەتەلایتا كوردستانێ وەك وێنەگر كاردكەت و هژمارەكا زۆرا بەرنامەیێن جوراوجور و ستران وێنەكرینە.

*** بابەتێ فلمێ (بەربەیانیەكی زوو) لدۆر چییە؟**

- بێگومان چ كارێ هونەری بێتەكرن ل هەر قولاچەكا جیهانێ، دێ دەربڕینێ ژ دور هێلێ خو كەت، سەبارەت بابەتێ فلمێ (بەر بەیانیەكی زوو) ل سەر چەكێ كیمیاوییە وەكو چەكەكێ كومكوژ و مەترسیا وی ل سەرانسەری جیهانێ ل سەر مروڤی ب شێوەیەكێ گشتی بۆ (چەند موشەكێن نەوەوی)یێن ڤەشارتی كو پاشماوێ شەڕێ جیهانیێ دووێ نە پشتی ئەلمانیا شكەستی، دەولەتێن ئێكگرتی بڕیاردا ل بن دەریایا ب ڕەخ دەولەتا (نەرویج) ڤە ب ڤەشێرن و ژ بەر كو ئەڤ فلمە ل كوردستانێ هاتیە وێنەكرن و دەرهێنەرو ئەكتەر كوردن و نڤیسینا سیناریوێ دەرهێنەر (ئەنوەر سندی) نڤیسییە و ئەڤ بابەتە یێ كرییە د خزمەتا كێشا وەلاتێ خودا و ب دەرفەت یادیتی كو كارەساتا باژێرێ هەلەبجە و ئەنفالێت ڕەش بكەتە نمونەیەك بۆ جیهانێ كو ئەڤ چەكە مەترسیەكا مەزنە نە ل سەر كوردا بتنێ، بەلكو ل سەر هەمی جیهانێ ب شێوەیەكێ گشتی.

*** كارێن هونەری یێن د فلمیدا دهێنە كرن گەهشتینە چ قوناغ؟**

- سەبارەت وێنەگرتنێ ل مەها ئادارا (٢٠٠٢) ل كوردستانێ بدوماهی هاتیە ژلایێ وێنەگرێ روسی یێ ژێهاتی (مەكسیم فیدورین) ڤەوجهێن لێ هاتیە وێنەكرن باژێرێ هەولێرێ، پیرمام، كەسنەزان، دیانا، بێخمە، بارزان، ئیبراهیم خەلیل و زاخو، هەروەسا چەند دیمەنەك ل ئەوروپا هاتینە وێنەكرن هەر ژلایێ وێنەگرێ ناڤبری ڤەو دیكورسنیتێ بناڤ و دەنگ (ڤلادیمیر یارین) و ب بەشداربونا چەند ئەكتەرێن ناڤدار ل ئەوروپا و جهێن لێ هاتیە وێنەكرن وەك (نەخوشخانا مەلەكی) ل دانیمارك و دەریایا سیك ل سنورێ ئەلمانیا و ل (گزیرتا شیلاند) لناڤ دانیمارك. بۆ زانین ئەڤ فلمە ب سیستەمێ (بێتاكام) هاتیە وێنەكرن و ل مەها (٩) سالا (٢٠٠٢) ل دانیمارك دەست بكارێ گرافیكێ كرییە. سەبارەت مۆنتاژێ بڕێكا تەلەفونێ من پەیوەندی دگەل دەرهینەرێ فلمی كر و گوت ل (٢٠٠٢/١١/٤) دێ دەست بكارێ مۆنتاژێ كەین و ل (٢٠٠٢/١٢/٢٨) دێ بدوماهی هێت و ل (٢٠٠٣/١/١٠) دێ ئێكەم جار هێتە نیشاندان ل مالا سینەمایێ ل كوبنهاگن ل دانیمارك و لدوماهیا مەها (١) سالا نوی (٢٠٠٣) دێ ئەڤ فلمە هێتە ڤەگوهاستن بۆ سیستمێ (٣٥)ملم و ب ئانەهیا خودێ خەلكێ كوردستانێ دێ ل ئادارا بهێت ب دیتناڤی فلمی شادبن.

*** ئەڤ فلمە ژ بەرهەمێ كێیە؟**

- ژ بەرهەمێ كومپانیا (دانیش فلمە) یا دانیماركی ب هەڤكاری دگەل حكومەتا هەرێما كوردستانێ و مەبەست ژ ئەنجامدانا ڤی فلمی بەرچاڤكرنا مەترسیا چەكێ كیمیاوییە و بەرچاڤ كرنا كێشا كوردییە بۆ جیهانێ و كارەساتێت ب سەرێ مللەتێ مە هاتین كارتێكرنا ڤان كارەساتا ل سۆزو هەستا رایا گشتی یا جیهانی ب شێوەیەكێ تراژیدی.

*** رولێ تە د وێنەكرنا فلمیدا، وەك سەربورەكا نوی بۆ كارێ تەیێ هونەری، تە چ مفاژێ وەرگرت؟**

- رولێ من دڤی فلمیدا، ئەز هاریكارێ وێنەگری بووم، كو ژلایێ سەتەلایتا كوردستانێ ڤە هاتبوومە هەلبژارتن و وێنەگر (مەكسیم فیدورین) بوو ژ وەلاتێ روسیا و بەردەوام ئەز دگەلدا بووم ژ بەركو من هاریكاریا وی دكر د دانانا روناهیێ و دابەشكرنا وێ بۆ هەر دیمەنەكی، دیسان هاریكار بووم بۆ لڤینا كامیرێ و دانانا شاربوێ و دولیێ و لڤینا دولیێ و یەكسانیا شاربوێ و ئەز دشێم بێژم كو ئەز یێ سەركەفتی بووم دكارێ خودا و لدویڤ رایا دەرهێنەری و وێنەگری، هەروەسا من گەلەك مفاژی ژێ وەرگرتییە و ب ئانەهیا خودێ وی مفای دێ كەمە دخزمەتا هونەرێ كوردیدا.

*** هەتا چ رادە تە (قەناعەت) بكارێ خو هەیە؟**

- هەركارەكێ من كری من ب قەناعەت یا خوە كرییەو ئەو كار مە گەلەك دڤێت، هەركارەكی تاما خو یا تایبەت هەیەو ئەز ب قەدروشانازی بەرێ خو ددەمێ، بەلێ كارێ سترانا (میركوت) یا كلیپا هونەرمەند شڤان پەروەرە مە گەلەك ڤیایە ژ بەركو من وێنەكرییەو زارڤەكرن ژێ تێدا كرییە و بوویە كارەكێ ناڤدار ل كوردستانێ و ل دەرڤە.



## مەحمود هەولێری و دوو پیشانگای فۆتۆگرافی

وێنەگر (مەحمود هەولێری) پێی راگەیاندین كە بڕیار وایە لە ساڵیادی دەرچوونی یەكەمین ژمارەی هەفتەنامەی (وەرزش) كە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەردەچێت رۆژی ٢٠٠٢/١١/١٣، پێشانگایەكی وێنەی وەرزشی كوردستان لە گەلەریی میدیا بكاتەوە. لەمبارەیەوە هونەرمەندی فۆتۆگرافی (هەولێری) گوتی: ئەم پێشانگایە (٥٠)وێنەی قەبارە جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی، وێنەكانیش بریتین لە گرتەكان و چاوی كامێرا لەكاتی چالاكییە وەرزشییەكاندا هەروەها گوتی: لە دووەمین ساڵیادی شەهیدی سەركردە (فرەنسۆ هەریری) پێشانگایەكی تایبەت لە شاری زاخۆ دەكەمەوە.




## بۆیەكەمجار CDیەكی (كامەران ساڵح)

بۆیەكەمجار (CD)یەكی هونەرمەند (كامەران ساڵح) بەناوی (هەولێر)، بڵاوكرایەوە، كە (٩) گۆرانی دەگرێتە خۆی بەناوی (من لافاوی، بەڵێ، كچێ خۆشم دەوێی، من تودڤیی، چەند بڵێیی خۆشە عیشقت، چاورەش و ناسك، هەولێر، جوانە سەرچۆپی، بێكەس ماوم) ئامادەكردنی مۆسیقای گۆرانییەكان لەلایەن هونەرمەندان (سەرهەنگ ئیلهام ئاكرەیی و دڵزار خالید)ئەنجام دراوە. (كامەران)ی هونەرمەند دەربارەی ئەم كارەی دەڵێ: ئەم (CD)یە بۆ من تاقیكردنەوەیەكی نوێیەو بە هیوام لە ماوەیەكی كورتدا سێ گۆرانیان بۆ سەتەلایتی كوردستان كلیپ بكەم.

**جەمال گردەسۆری**

## پرۆفایل

### (پەشێو) سەلماندی شیعر نامرێ

رۆژی چوارشەممەی رابردوو لە هۆڵی رۆشنبیریی پایتەخت، یەكێتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر، كۆڕێكی شیعری بۆ شاعیری گەورەی كورد (د. عەبدوللا پەشێو) رێكخست.. دەتوانم بڵێم لەوەتای راپەڕینەوە هەتا ئەمڕۆ كۆڕی بەو جۆرە پڕ لە جۆش و خرۆشە لە كوردستاندا بۆ شاعیرێك بەو شێوەیە لەلایەن سەرجەم چین و توێژەكانی كوردستانەوە پێشوازی لێ نەكراوە..

(پەشێو) سەلماندی كە جەماوەری تینووی شیعری رەسەنی كوردی نەك هەر ماوە بگرە گەلێك لە جاران زیاترەو كەی هەست بكات شاعیرێكی رەسەن و شیعرێكی بەمانا شیعر هەیە ئەو جەماوەرە لەوێ ئامادە دەبێت.. وانەیەكیش بوو بۆ سەرجەم قەڵەم بەدەستان و شاعیرانی كورد كەوا میللەتی ئەدەبدۆستی كورد، هەمیشە و بەردەوام ئامادەی پێشوازی كردنن لە شاعیری نیشتمانپەروەر و كورد پەروەر و پڕ بە هەست و دڵ و دەروونیان گوێ لە شیعری كوردانەو وشەی سادەو پڕ لە مانای شاعیر دەگرن.

نامەیەكی دڵخۆشكەربوو بۆ سەرجەم ئەو شاعیرانەی كە قەڵەمەكانیان لە خزمەتی دۆزی رەوای نەتەوەكەیاندایە كەوا رۆژێك دادێ میللەتی كورد وەك پەشێو پێشوازیان لێدەكات و گوڵبارانیان دەكات..

من دڵنیام ئەوانەی پێیان وابوو كەوا شیعری بەرگری بەتایبەتی و شیعر بەگشتی باوی نەماوە!.. لەو رۆژەدا سەریان لێ شێواوەو پێناچێت چاویان بەرایی دابێت هەر بچنە ناو هۆڵەكەش.. چونكە پەشێو سەلماندی شیعر هەرگیز نامرێ، ئەوەی دەمرێ تەنیا ئەو شتەیە كە بەزۆر ناویان لێ ناوە شیعر..

ئەوەشی سەلماند كە شیعر پەیامێكی پیرۆزەو وەك خواردنێكی رۆحی میللەت هەزمی دەكا، ئەگەر لەگەڵ خواست و ویستەكانیدا یەك بگرێتەوە.. شاعیری گەورەی كورد(پەشێو) ورەی بەدڵ و دەروونی ئەو قەڵەمانەدا هێنایەوە كە تازەن و ئێستا خەریكن بكەونە ناو كاروانی شیعری كوردییەوە.. دڵنیای كردنەوە كەهەرگیز لەوشەی رەسەنی كوردی و نەتەوە پەروەری وازنەهێنن و هەردەم لە خزمەتی دۆزی نەتەوەكەیاندا بن..

كۆڕەكەی پەشێوی مامۆستای شیعری نەتەوەیی و كورد پەروەری راپەڕین ئاسا، ئەو بێدەنگیەی هەژاند كە چەند ساڵێك بوو ناو هۆڵی كۆڕە شیعریەكانی داگیركردبوو، بەم هەژاندنەی هێزو گوڕ و تینێكی تری خستەوە ناو دەروونە شیعر دۆستەكان و دڵیانی خۆش كرد بەوەی كە تا پەشێو پەشێوەكان هەبن شیعری جوان و بێگەردو رەسەنی كوردی هەردەمێنێ..

**رێبوار ئیدریس**



## شوێنەوارەكانی كوردستان

### پارەی سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین كۆكبەری

نموونەیەك لەپارەی سەردەمی حوكمڕانی پاشای هەولێر سوڵتان موزەفەرەدین كۆكبەری كە ساڵی ٦٣٠ كۆچی-١٢٣٢ زایینی كۆچی دوایی كردووە، ئەو پارەیە لە شاری هەولێر لێدراوەو دروست كراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە هەولێر تایبەتمەندییەك و پێشكەوتنێكی بەرچاوی لەو سەردەمەدا لە رووی ئابوورییەوە هەبووە بۆیە ئەو سەردەمە بە چەرخی زێڕینی ئەو شارە لەقەڵەم دەدرێت.

**ئامادەكردنی: بۆتان جەلال**

**وێنە: ئەرشیفی مۆزەخانەی شارستانی لە هەولێر**